# پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان .........26



## ڕۆح و جەستە ... تۆ کۆمیانی ..؟؟

**جەزا چنگیانی**

**مەزەنەم وایە . تۆ مەزەنەت وایە ئیمشەومن بە تەنیا و خۆت بە جووت دادەنێت . چونکە من و بتڵێ ڤۆدگا و چەند قاش لیمۆ وپەرداخێکی کورتە بنەت بە تەنیاجێهێشت. ئیمشەو تۆ جووتی نێرینەیەکی جەستە و ڕۆح نامۆیت.منیش جووتی ڕۆحی خۆم و**



**بتڵێ ڤۆدگا.مەزەنەت وایە کۆامان تەنیاین؟؟؟من دەبێژم ئەو ساتانەی جەستەی ڕووت و ناوگەڵی پڕ لینجاو ولێو وگۆپکەی مەمکی سور هەڵگەڕاوی مژینی لێوە زبرەکانی پیاوە ڕێبوارەکانی شەوانی جووت بوونت ..دەکەیت بە فاکتەری حەزە شێتییەکانت.. تۆ زۆر تەنیایت.چونکە تۆی**

ڕووتی جەستە ئاڵۆشاویی تەنیا. تەنیا بۆ ئارامکردنەوەی جومگەکانت جەستەی ڕووتت لە پێخەفی نێرینەیەك هەڵخستوە و ڕۆحت لە دووکانەکانی پێڵاو وعەتر وزەڕنگەر وپۆشاکەکانی شەقامی نیڤسکیدا وێڵکردووە...نێرینەکانی ڕێکەوتی شەوانی تەنیایت. تەنیا هەر ئەوەندە تۆیان دەویت تا گڕی شەهوەتیان لە نێو لینجاوی نێوگەڵی تۆدا بشۆنەوە..هەر دوای ئارامبوونەوەی تەکانەکان و ڕژاندنی زووخاوی ناوگەڵیان. دەبن بە بێگانەیەکی جەستەو دەم بۆگەنی ووشە ڕۆمانسییە فشەکانی پێش سێکسەکانت .

یان پشتت تێدەکەن یان ماڵ ئاوی لە تۆ وپێخەفی بۆگەنی پیاوانی میژووت دەکەن ئا بەم جۆرە تۆی ناسکە ئافرەت بە ویستی خۆت. بەکاتی خۆت , بەجەستەی خۆت بە هەڵەی خۆت خۆتکرد بە مەتریاڵێکی جەستە نەرمی بێ ڕۆحی بازاڕی حەزە سەرپێیەکانت .

کێ تاوانبارە؟؟ منی تۆ ؟؟؟ یان تۆی مێنەی جووتی ڕێبوارە ناوگەڵ زبرەکانی ساتە بێ ڕۆحییەکانت ؟؟؟

وەڵامەکەی تەنیا تۆی...نەك هاوژینی جەستەی منی تەنیا ..... ترپە ڕۆحییەکانم .

سان پیترسبۆرگ..... 18/12/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de